




## "بەردی سەبووری"

### رۆمانێک کە سەبووریم پێی هات

### شوان حەسەن

لەو کاتەی کە لە کابول بانگهێشت کرام بۆ کۆنفراسێکی ئەدەبی لەلایەن نادیا ئەنجومەن(ئەو ژنە شاعیرەی کە ڕۆمانەکەی پێشکەش کردووە) بەر لەبەڕێوە چوونی کۆنفراسەکە بە هەفتەیەک هەواڵی کوشتنی(نادیا) یان پێ ڕاگەیاندم .کەبەدەستی پیاوەکەی کوژرایە. پێم سەیر بوو هاوسەرەکەی مامۆستا و تێگەیشتوو بوو. دوایی هۆیەکەم زانی کە دایکی (نادیا) هانی دابوو بۆ کوشتن ،پێی گووت بوو چۆن دێڵیت ژنەکەت لە بەردەم خەڵک هۆنراوە بخوێنتەوە وقسە لەگەڵ خەڵک بکات .

هەوڵمدا پیاوەکە لەبەندیخانە ببینم.بەڵام کە چووم دەرزیەکی لە خۆی دابوو لە هۆش خۆی چوو بوو(کوما).

لەو کاتە ئەو خەیاڵەم بۆ هات کە خۆم بکەم بە کچەکەو بەدیاریەوە دانیشم.

عەتیق رەحیمی ئەوها باسی بیرۆکەی رۆمانی بەردی سەبووری دەکات.

رەحیمی لەگەڵ گۆڕینی کەسەکان دێت گەمەیەکی زۆر سەرنجراکێش لەگەڵ فەنتازیا دەکات. ئەو دێت پیاوەکە دەکات بە جەنگاوەرێکی ئیسلامی ئەفغانی ولەڕووداوێکی (هیچ) هاوسەنگەرەکەی گوللەیەکی لەسەری دەدات و دەکەوێتە حالەتی لە هۆشچوون. هاوسەرەکەی و دوومنداڵ ،ئەو ژنە بەدرێژایی ژیانی هاوسەرگەریان ئەو پیاوە گێی لێرانەگرتیوە.ئەو ئافرەتە دێت پیاوەکەی دەکات بەبەردی سەبووری وتنۆک تنۆک ئازارەکانی خۆی ،لەگەڵ ئەو ئاوە شیرن وسوێرکراوە لە کالۆنەکەی دەکات و دەیکاتە گیانی.

ئایە ئەو بەردە وەک لە ئەفسانەکە هاتووە دەقلیشێت؟یا ئەو ئافرەتە تەنیایە چی بەسەر دێت؟

هەوڵدەدەم وەڵامی ئەو پرسیارە نەدەمەوە.

ژوورێکی بچوکی شێوە لاکێشە،گەر بەریالیستانە سەیری بکەیت هەست دەکەی زیاتر لە ژووری بەندیخانە دەچێت وەک لەژوورێکی ئاسایی.پیاوێک دایراو لە هەموو شتێک لەسەر پشت لێیراکشاوە وهەناسەکانی نەبێت هێمایەک نیە بۆ هاودەم بوونی لەگەڵ هاوسەرەکەی.پەردەکان و وێنەی پیاوەکە وخەنجەرەکە و قورئان وپەرەموچەکە. لەپڕ هاتنە ژوورەوەی ژنەکە وات لێدەکات هەست بکەیت لە شانۆگەریەک ڕادەمینێیت.لەپڕ موچرکەیەک تەزی بەلەشتدا دێنێت.ووریابە رەحیمی چاوی کامیرایی لەدەستە؟(مێشێک دەبێتە میوانی کەشی ژوورە ئارامەکە.لەسەر نێوچەوانی پیاوەکە

هەڵدەنیشێت.دوودڵە.بەنێو چرچ ولۆچی روخساریدا دەخولێتەوە وپێستی بێتامی دەلێسێتەوە،بێگومان کە بێتامە). چی دەکەیت ژوورەکەی زۆر هەژارە،دەزانی کە پاسەوانانی گەڕەک دێنە ژوور دەمژمێرو ئەنگوستیلەکەی پیاوەکەو قورئانەکەش دەدزن. سەیرکە قورئانەکە ماچ دەکات و دەیبات؟وات لێدەکات داوایان لێبکەیت تکایە مەیبەن هێشتا کارمان پێی هەیە.بەس دزو زگسوتان؟ یا دزو تێگەیشتن لە شتە تایبەتەکانی خەڵک.(پاش ساتێک نەسیمێک دەشنێتەوە وپەردەکە بە رز دەکاتەوە.لەئاسمانە زەردو شینەکەدا یاری بە باڵندە کۆچەریەکانی سەر پەردەکە دەکات).

ژنێکی بێکەس لە شوێنێك(پێدەچێ ئەم گەڕەکە بەزوویی ببێتە هێڵی یەکەمی هەراوهەنگامەی جەبهەی تاڵیبان).کەس وکاری پیاوەکە تێیدەتەقێنن ،برایە نیوە مردووەکەیان جێدەهێڵین ئەو پیاوەی لە پێناو دوارۆژێکی باشتر بۆ وان تێدەکۆشا.........بەڵێ ئێستا بۆ وان بارگرانیە.ئەگەربراکەیان بمردبا  بۆ وان ئاسان بوویەکێکیان بەناوی ناموس وکەرامەتەوە زەماوەندی لەگەڵ براژنەکەی بکردباو بە ئاسودەی لەگەڵی بخەوتبا ئەوەتا ژنەکە دەڵێت(ئەوان بەدزییەوە لەمنیان دەڕوانی...هەمیشە، بەدرێژایی ئەو سێ ساڵەی کەتۆ لێرە نەبوویت...ئەوان...،کاتێک لەگەرماوەکەدا خۆم دەشوشت،لەدەلاقەکەی گەرماوەکەوە سەیریان دەکردو بەو جۆرە خۆیان رەحەت دەکرد...ئەوان تەنانەت شەوانیش چاویان تێدەبڕیم..) سەیرە مرۆڤ دەست خۆشی لە رەحیمی نەکات،کە  وێنەکان  لە ناخت تاتۆ دەکات ، وات لێدەکات بەگژ ئەو پێوەرە کۆمەلایەتیەدا بچیتیەوە کە ڕێژەی پیاوبونت دیاری دەکات.سەر زەویەک بە یاسایی حەڵاڵ وحەرام بەڕێوە دەچێت ئەوەی لە شوێنێک حەڵالە ولە شوێنێکیتر حەرامە وبە پێچەوانەکەشی راستە. هەست و هۆشیش  تەماشاکەرێکی بێدەسەڵاتە  لەو نێوەندە.

رەحیمی لەچاوپێکەتنەکە دەڵێت(ئەمن باسی جەنگ ناکەم،بەڵکو کاریگەریەکەی لەسەر تاکەکان)

چەند جوانە کە ئافرەتەکە دەڵێت( ئاە!بەردی سەبووری من، کاتێک ژن بوون سەخت بێت،پیاو بوونیش سەخت دەبێت). بەڵێ  لێرە ئافرەت  تێناکۆشێت لە پێناو ماف بەڵکو شەڕی مانەوە دەکات،لەو کاتەی کەدەزانێت ئەگەر منداڵی نەبێت ئەوە پیاوەکەی تەلاقی دەدات .لە کۆمەلگایەک کە جگە لەوەی بژێو ژیان بۆ ئافرەت سەختە،بەلکو داب ونەریت ودین ونەخوێندەواریش ڕێگاکانی لێ دەگریت.لەوێ ڕێگا بە پیاویش نادرێت دان بەوە دابنێت کە  نەزۆکە.بۆیە پورەکەی کە شەقی زەمانە گەورەی کردووە فێری دەکات چی بکات بۆ ئەوەی بمینێتەوە.ئەوە کلتوری شوانکارەیە و بەرهەمی دەوێت،هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە با منداڵیشمان نەبێت گرنگ ئەوەیە دوو هاوڕێی جوانبین(ئەمە باوەڕە نەفرەتیەکانتە کەبەمجۆرە کەنەفتیان کردوویت،بەردی سەبووری من)

رەحیمی ئەوە یەکەم رۆمانیتی بە زمانی فەرەنسی ،ئەگەرچی لە کابولیش لە خوێندنگایی فەرەنسی خوێندیەتی.

ئەمن بە گشتی ترسێکم هەیە  لەو  نوسینانەی  کەپەناهەندکان دەینوسن  بە زمانی ئەوروپی .(بێگومان ئەوەی خوێندومەتەوە یا کراوە بەفلیم یا بەفلیم دیتیتم یا چاوپێکەوتنم لەگەڵ نووسەرەکە خوێندیتەوە یا دیتیە...... یا... یا... یا... قسە لەسەر وان دەکەم) خاڵی ترسم ئەوەیە کە بە ئەقلی  شەقامی ئەوروپی و بە زەوق و خوێندنەوەی وان دەنووسن  . تۆ کە لەناو ئازارەکان بیت جیایە لەوەی لە دەرەوە سەیر بکەیت.بۆ نموونە کە باسی چەک دەکات کە لایی من چەک شتێک نیە بەدەسکەوتیێکی مرۆڤایەتی باس بکرێت،بەلکو لەلیستی کارە خراپەکانی مرۆڤە،بەڵام لەکۆمالگایەک کە جەنگ ودواکەوتن بە زگێک لە دایک بن بۆ چەند نەوە،چەندی ئەو خەلکە دێت نەفرەت لە چەک دەکات.سەیری ئەو نموونە بکە لەسەر زمانی ژنەکە ( ئێوەی پیاوان کاتێک تفەنگتان هەیە، ژنەکانتان لەبیر دەکەن) .ئایە هۆیەکەی هەر ئەوەیە کە ئەوان چەکیان لە ژن خۆشتر دەوێت؟

ئایە پیاو لەو کۆمەلگایانە لە چاودێری کردنی ژن ماندوو دەبێت تا لەبیری بکات؟ بۆیە دەکرێ بۆ فیمەنیستەکان قسەیەکی خۆش بێت ،بەس زولمێک بێت لە کۆمەڵگا .یا بە واتایەکیتر بە هێزکردنی ئەو ئەقلەیەتەیە کە ئیش لەسەر دووورکردنەوەی ژن وپیاو دەکات . بە گشتی بۆنی ئەو کاریگەریە لەو ڕۆمانە دەکرێت .دەربارەی ژن وپیاو وچەک و سوکردنی ئیسلامیەکان . راستیەک هەیە ئەویش  ئەوەیە لەو کۆمەلگایانە  مانایی ئەوە نیە کە هەموو شتێک  بە مەبەست بێت بەلکو زۆر کات پەیوەندی بەووشیاری تاک وکۆمەل، بەدەسەلاتی سیاسی وباری ئابووری و..............................؟

کە ژنە باسی سوڕی مانگانە دەکات دەڵێت(سەیرکە ئەمە هەمان خوێنی پاکی منە،لە نێوان خوێنی پاکو سووڕی مانگانەدا چ جیاوازیەک هەیە؟چ ناپەسەندیەک لەم خوێنەدا هەیە؟)بە دڵنیاوە جوانە کە ژن بگاتە ئەو دەرئەنجامە،بەس بەداخەوە ئەوە ئافرەتی ئەوروپیە کە وا قسە دەکات،بۆ من ئەگەر ژن وپیاو ئەفغانی یا کورد یا عەرەب بگەنە ئەو ئەنجامەی لەجیاتی بێز وقێز وشەی حەزم لێینە وئاسایە بەکار بێنن بۆ خوێنی سوڕی مانگانە ئەوە دەسکەوتە.یا کە باسی پەردە

کچێنی دەکات،کەپیاو چەند دڵیخۆشە بەو خوێنە،بێگومان وایە بەس ڕاستیەکەی ئایە ڕۆشنبیرەکانی ئەو ناوچەیە  توانایی وروژاندنی پرسیاری وایان هەیە تا ژنێکی سادە بێت بیوروژێنێت.

بێگومان ئەو ڕۆمانە دنیایەک پرسیار و ڕوداو دەکاتە فرمێسک وبە پیتەکانی خەناوکەیەک لە وشە دەکاتە ملی بەرپرسیاریەتیمان.تۆلەیەکە لە بکوژەکانی ئافرەت ولەوانەی بەهایە جوانەکەی ژن وپیاو دەکوژن کە مرۆڤ بوونەکەیتی..بەس چیدەکەیت لەوێ هۆیەکان و ئەنجامەکان لە جێگۆرکیەکی هێندە خێران مرۆڤەکانیان لە مێژە جێهێشتووە. هەرچەندە کۆتایی هێنانی رۆمانەکە بەو شێوەیە دەکرێت تەسمیل بوون و پرسیار هەڵگر بێت؟.

تێبینیەکی گچکە کە لە دڵم  بوودەبا باسی بکەم.

کەباسی باوکی کورەکە دەکات دەڵێت لا65(ئەو فێری نووسین وخوێندنەوە وبیرکردنەوی دەکردم).

کە دێت باسی پووری دەکات دەڵێت لا96(ئەو بوو کە فێری نووسین وخوێندنەوە و ژیانکردنی کردم..).

هەر هێند دەڵێم  رۆمانێکە شایانی خوێندنەوەیە و دەست خۆشیش لە ئارام سۆفی دەکەم بۆ وەرگێرانەکەی و پێشەکیە جوانەکەی . ڕۆمانێک پڕ لە وێنەی جوان ، بەدوایی لاپەڕەو قەبارەدا ناگەڕێت ،قسە لەسەر حالەت و دیاردە تابوەکان دەکات بۆ ئەوەی پەیامە مرۆڤایەتیەکەی بگەینێت. کۆمەڵگایەکی وێران لە نێوان دینێکی وەستاو سیاسەتێکی دواکەوتو وئابوریەکی سەر پێی و کەش وهەوایەکی ناتەندروست و سروشتێکی جەنجاڵ،لەگەرمە ئەو بارودۆخە قانگدراوە رەحیمی دێت هیوایەکت دەداتێ ،تکایە ئەو ڕۆمانە بخوێنەوە. زۆر سوپاسی هاورێم رزگار رەنگور دەکەم  بۆ ئەم دیاریە جوانە هیوادارم دیاری دۆست بۆ دۆست هەر وا بێ.

بەردی سەبووری  نووسینی عەتیقی رەحیمی

لەوەرگێرانی  ئارام سۆفی

رۆمانێکی قەوارە  گچکەیە 132 لاپەڕەیە

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان

سودم لەو چاوپێکەوتنەش وەرگرتوە کە ئانیکە پێرسۆن  لەگەڵ رەحیمی کردویەتی.

http://www.dn.se/dnbok/dnbok-hem/atiq-rahimi-ar-forfattaren-i-kabul

www.helwist.com